www.kurdistannet.org
28-4-2002 11:25

# رۆڵی رۆژنامەگەری لە قۆناخی ئیمرۆی کوردستانا

شـــێرزاد هەیـــنی ـــ سوید
heinisherzad@hotmail.com

ئاشکرایە رۆژنامەگەری کوردی، رۆژنامەکان، تلفزیۆنەکان، دەوری پرشنگداریان لەو رەوشەی لە ناوچەکە بەرقراربووە هەبووەو هەیە، جێگایان دیارەو توانیتیان بەو تەمەنە کورتەیان بوون و راسپاردەی خۆیان بگەێنن و خۆیان توندو چاك و لەسەرپێیان راگرن. هەموولایەك ئەو راستیە دەزانێ و ناتوانی نکۆلی لێ بکرێت باشووری کوردستان ئەو بەشەی کە ئازادە، ئەو پارچەیەی هەناسەیەکی دێ، بەشێکە لە ناوچەکەو رەنگدانەوەی ناوچەکەیە، ئەوانیش لە پێکهاتەو گەمەی ناوچەکەو گۆڕانە خێراکان دوورنین، بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحالییە، لە کاروانەکەدا نەك هەر جێنەماون، بەڵکو چەند هەنگاوێکیش لە پێشەوەن، چەند ئەوان دێرین و دەزگاکانیان کامیلن، هێشتا قەلەم و ستوونی کوردستانی باشوور ئەو پارچەیەی ماوەیەکە هەناسەی دێ، لەوان باشترە، لەوان زۆرتر دەنگی ئازادی و کاریگەری قەلەم و ستوون دەوری هەیە. لەوان رەنگینترو قەبەترو زۆرتر خۆی نواندووە، ئەوەش زۆر لەلایەن بێگانەوە پێش خۆمان شاهیدیان بۆی داوە.

ئەوەی مەبەست و چاکە کە بەرقەرارە، رۆژنامەگەری کوردی ئەو ساوایە بیرتیژە، ئەو باخچەیە رەنگینە هاوشان و هاوبیری سیاسی و گوتارەکەی رۆیشتووە، نەك لەدواوە نەبووەن، بەڵکو لە پێشەوەش بوینە، رێنیشاندەر بووە نەك پاشکۆ، دەنگبووە نەك دەنگدانەوەو دەهۆل لێدەر، وێنەبووە نەك هێلکاری، ئەوەش بە ئاسانی بەرقرارو چەسپاو نەبووە، کەسانی ئازاو بوێرو خەمخۆری لە پشتبووە، قەلەمی نەترس و کامیرای روون و بابەتی زیندووش ئەوەی بەرجەستەکردووە.

مەسەلەیەکی زیندووو بایەخدار لەو رەوش و لەو کاروانەدا ئامادەیە ئەویش نانە، ژیانە، گوزەرانە، خۆپاراستنە لە هێرش و برسیکردن، ئەگەر رۆژنامەنووسی کورد، ئەگەر قەلەمی کورد نانی هەبێ و لە ترسی نان و معاشەکەی نەبێ ئازاتر دێتە مەیدان. ئازادی لە زۆر رووو بۆ زۆر بابەت و سەرچاوەی هەیە، بەلاّم سزاکەی نانبرانە، دەرکردنە، ئەوەش هەم قەلەمەکەی دەشکێ و هەم لە بوارەکە دووردەکەوێتەوە، ترسی هەیە.

زۆر جار ئەوانەی لەدەرەوە دەژین، ئەوانەی پشتیان ئەستوورە، ئەوانەی بەسەردان دەچنەوە، ئەوانەی جارێك، ماوەیەك دەنووسن، شتی باش دەڵێن، بابەتی چاك و زیندوو دەوروژێنن، ئەوەش بۆ هەموویان مەیسەر نابێ..!! واتە دەنگەکە دەکرێ بوترێت، هەست بە دەربرین دەکرێت. بەلاّم ! هێشتا ماویەتی لە مەسەلە زۆر گەورەکان بدرێت، زۆری ماوە نەك لای خۆمان هەر لە ناوچەکە بە تێکرا ماویەتی سەر بە هەموو ژوورە داخراوەکانی پارەو دەستەلات و پەیوەندی و بابەتی تر بکەن، ماویەتی، ئێمەش دوورنین لەو پێکهاتەی ناوچەکە، ئێمە لەدواوە نین لە پێشەوەین.

ڕۆژنامەگەری کوردی، وەك وتمان لە ڕەوشە سیاسیەکان، لە بریارە گرنگان دوورەپەرێز نەبووە، بەلاّم لە مەیدانەکانی تری کۆمەلایەتی دووربووە، وەك ئەوەی کاریان تەنیا سیاسەت بێ، بۆ نموونە زۆرمان لەسەر رەوش و کۆچ و شەڕەکانی کۆسۆفۆ زانی و بیست، بەلاّم کەمیان لەسەر مێژوویان، زمانیان، ئاوێتەی ئیسلام و مەسیحیەکان، ئابووری و پارەو جالیەیان لەدەرەوەو زۆر لایەنی تر، کە ئەوانیش بەقەد مەسەلە سیاسی و سەربازییەکان بایەخدار و پێویستن، نەزانی.!!

زۆرمان لەسەر ئەفغانستان بیست و نوسیمان و تەرجمان کرد، بەلاّم کەمتر لە سەر رەوشە کۆمەلایەتیەکان و ژن و خوێندن و زمان و جلوبەرگ و سیاسەتی ئیسلامی سیاسی و بەکارهێنانی ئیسلامی سیاسی لەو ناوچەیە زانی و نووسی.

نوسینەکان، ریپۆرتاژەکان زۆریان سیاسی ئامێزن، خێران، بەپەلەن و رۆژانەن، هەر ئەوەندەیان لەدەست دەردەچێ. رۆژنامەنووسێکی کورد سەفەر بکات باشترە، هەتا دەجار سیاسیەك، چەکداریك خزمێکیان سەفەر دەکات، ئەگەر جارێك قەلەمێك، هزرێك، ستونێك سەفەر دەکات. وەك ئەوەی بەسەر سەفەرەکەی رۆژنامەنووسانی رۆژنامەی "هاولاتی " ی ئەهلی سەربەخۆ بەسەریان هات، ئەستەم و پیلان و تەگەریان زۆر دێتە پێش، بۆ چوونە دەرەوەیان بۆ بەشدارییان لە کۆنفراسی رۆژنامەگەری جیهانی و داوەتکراو، رێگایان لێگیرا، ئاسانکارییان بۆ نەکرا، تا نەچنە دەرەوە، تا دووربن و هەر لەو بازنە دوو بەشە، دوو مەلبەندەدا بسورێنەوەو تا مەست دەبن، یان تا کوڵ دەدەن.

رۆژنامەنووس ! گەریدە بێ وریاترە. رۆژنامەنووسی دونیادیدە زۆرترو زووتر لە هەوال دەگات و شیدەکاتەوە. رۆژنامەنووسی بە پشتیوان کاریگەری زۆرترە.

هەنگاوی باش و کاریگەرییان بڕییوە، بەلاّم هێشتا زۆریان لە پێش ماوە، زۆریان ماوە سەری بەسەرداگرن، هەوالەکان بلاّودەکەنەوە بەلاّم بەدواچوونەوەی کەمترە، پارەکە سەرف دەکرێت، بەلاّم چەندبووەو چەندی ماوەو چۆن رۆیشت گەیشتە کێندەرێ ماویەتی. دامەزرا، گۆرا، دانرا، لادرا، دەنووسن، بەلاّم بۆ..!! نانوسرێت.

رۆژنامەگەری لەسەر ئاستی ناوەو دەرەوە هەر بۆن دەکات، دەخوێنیتەوە، دووربەدووری دەبینن، ناگاتە نزیکی ناوەوەی نهێنیەکان، ناگاتە ناوەو هۆکارەکان.

رۆژنامەگەری کوردی وەك مێژوو و تەمەن، بە ئاسانی و بە جوانی دەتوانرێت بکرێتە دوو قۆناخ، قۆناخی پێش راپەرین و دوای راپەرین، شانازی و درووددو دەستخۆشی بۆ لاپەرەکان و هزرو جوامێری ئەوانی پێش راپەرین زۆرە، ئەوان بونە بناغە و بەراستی بناغەبون، بەلاّم پاش راپەرین هەناسە و ستوون و قەبارە ودەنگێکی ترە، ئەوەش پابەندە بەو رەوشەی هاتە ئاراوە و کوردستانی باشووری گرتەوە. هەموو لەسەر ئەوە کۆکن، ئەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی هەبێ، ئەوە چاك دەزانین، دوو ئیدارەیی و دوو سەرچاوە و دوو تێروانین لە هەندێ مەسەلەکان دەوری خراپی بۆ زۆر لایەن هەبووە لەوانە رۆژنامەگەری کوردی و ئەرکەکانی.

وا هەنگاو بە هەنگاو قەلەمی دیاری ئەم بوارە دیار دەکەوێت، سام دەنوێنێ، هەیە خۆی دامەزراندووە، ناوی دەرکردووە، دیارە کێ قسە دەکات، لەو مەسەلەیە کام قەلەم دێتە وەلاّم، ئەو بابەتە کێ نوسیویەتی و لە کێ بلاّوکراوەتەوەو مانای

چییه. دەستەیەك، چەند لاپەرەیەك دەنوسن و کاریگەرییان نواندووە، ئەوان دیارن. وا نزیکە خۆی لەو دەستەلاتە نزیك دەخاتەوە کە ئەرکی سەرەکی و رەسمی خۆیەتی و بۆ ئەو مەبەستە پەخش دەبێ، جاروبار سنوورەکەش دەبەزێنێ و بەشی ئەوانی تر واتە دەستەلاتەکانی تر دەبات، ئەگەر سستی و لاوازیان نواند، ئەوان ئەو کەلەنە پردەکەنەوە.

وا هەنگاو بەهەنگاو رۆژنامەنووس و رۆژنامەی ئەهلی مەردانە لەو قۆناخە ناسکەدا دەور دەبینێ و خۆی ئامادە کردووە، گوناحن، بێ دەستەلاتن کە دەنووسن، داوای زانیاریمان کرد، داوای دیدارمان کردن وەلاّمیان نەداینەوە، پرسیارمانکرد، تا وەلاّمان بدەنەوە، بە ئاسانی و بە شانازییەوە وەلامی بێگانەیەك دەدرێتەوە، بەلاّم ئەوەی خۆمان ئەستەمی دەخرێتە پێش.

رۆژنامەگەری کوردی و هەتا هەموو دەزگا گەورەکانی ئەم بوارە بۆ زانیاری و زۆرتر ئاشکراکردنی لایەنی شاراوە ماندوو دەبن، دەگەرێن و شرۆڤەدەکەن. کاریان زەحمەتە هی خۆمان زۆر زەحمەترە، هی خۆمان کەرەستەو بواری زۆرتر دەوێت.

ئەوەی لەم بوارەدا نابێ باس نەکرێت خوێنەرانی ئەم رۆژنامانەیە، چەند دانەیان رۆژانە و هەفتانەو مانگانە لێ چاپ دەبێت، ئەوەش پەیوەندی زۆری بە ئاستی ئابووری ناوچەکە و کەسەکان زۆرە، لایەن و هۆکاری تر، نەخوێندەوارییە، بەداخەوە، ئاستی نەخوێندەواری گەرچی لە هیچ دەزگاو ئامارێك ئەوەیان نەزانراوە و بەلاّم گومان لەوەدا نییە، نەخوێندەواری زۆرەو ئەوەش دەوری هەیە.

* ئەم کورتە وتارە لە ئەنجامی ئەو دیدارە تلفزیۆنە هاتە ئاراوە کە " م. تیڤی " لە ئێوارەی ٢٧/ ٤ /٢٠٠٢ بەرنامەی راستۆخۆی " بابەت " بە مێوانداری دوو رۆژنامەنووسی کورد، شەهاب عوسمان و کەریم موستەفاو بە تلفۆنیش لە کوردستانەوە ئاسۆس هەردی و عارف قوربانی لە سلێمانی و نوسەری ئەم چەند دێرەش کە لەلایەن بەکر شوانیەوە راستۆخۆ سازو پێشکەشکرا.